ئەپەراسیۆنی سوپای ئیسرائیل بە سەر کەمەگەی پزیشکی شیفا لە غەززە بووتە جێگای نیگەرانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی نیگەرانە لە ئەپەراسیۆنی سوپای ئیسرائیل بە سەر کەمەگەی پزیشکی شیفا لە غەززە دەردەبڕێت و هەشداری دەدات شەڕ گیان و ژیانی کارمەندانی تەندروستی و نەخۆش و هاووڵاتیانی مەدەنی بخاتە مەترسییەوە.

تیدرۆس ئەدهانەم، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نیگەرانی خۆی دەربڕی دوای ئەوەی هێزەکانی ئیسرائیل ئەپەراسیۆنێکی سەربازییان لە کەمەگەی پزیشکی شیفا لە غەززە دەستپێکرد و هەشداریدا لێوەی شەڕ "کارمەندانی تەندروستی و نەخۆش و هاووڵاتیانی مەدەنی دەخاتە مەترسییەوە".

تیدرۆس ئەدهانەم لە تێیدا/ئێکس" رایگەیاند "ئێمە بە قووڵی نیگەرانین لە دەخی نەخۆشخانەی شیفا لە باکووری غەززە". گوتیشی، نابێت نەخۆشخانەکان ببنە بەرەکانی شەڕ.

سەرچاوە فەلەستینییەکان باویان کردووەتەوە، دەوروبەری کەمەگەی پزیشکی شیفا لە شاری غەززە لە بەربەیانی ڕۆژی دووشەممەوە ڕووبەڕووی بەردومان بووە، هاوکات سوپای ئیسرائیل بەردەوامی ئەپەراسیۆنی خۆی لە گەورەترین نەخۆشخانەکانی کەرتی غەززە ڕاگەیاندووە .